**The Center of Halabja**
*Against Aufalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

**Nawendi Helebce**
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

# بەياننامەی دامەزراندنی كۆميتەی هەڵەبجەی ناوەندی چاك

پاش تێپەڕ بوونی زیاتر لە پێنج ساڵ بەسەر دامەزراندی "ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردنو ژینۆسایدی گەلی كورد–چاك"، بەداخەوە زەمەنێكی زۆر نوێنەرایەتی ئەم ناوەندە بەشێوەیەكی رەسمی لەو شارەی كە خاڵی جەوهەری كارەكەیە غيابی هەبوو، وەلی ئێمە ئەمرۆ وەك كۆمەڵێك كەسی خەمخۆر بە دۆزی هەڵەبجە بەئەركی سەر شانی خۆمانی ئەزانین كار بۆ دامەزراندنی كۆمیتەیەكی ئەو ناوەندە لەنێو شاری هەڵەبجەدا بكەینو خۆشحالین بەوەی لەو ئاواتە نزیك بوینەتەوە.

بەخۆشحالّیەوە بەهەولّو ماندو بونی چەند كەسێكی دلّسۆزی هەڵەبجەو، خەمخۆریو پێداگری "دەستەی بەڕێوەبەری" چاك ئەمرۆكە پاش ئەنجامدانی چەند چلاكیەكی جدیو عەمەلی لە هەڵەبجە كۆمیتەیەك لەو شارە كردایەوە.

ئەم كۆمیتەیە ئەگەرچی پێش راگەیاندنی دوو چالاكی گرنگی لە هەڵەبجە بەئەنجامگەیاندووە، ئێستا دوای دامەزراندنی رایدەگەیەنێت كاری جدی ئەكات لە پێناو قەزیەو دۆزی هەڵەبجەو هەولّ ئەدات تەواو كەری جدیو پشتیوانی ئەو كارانە بێت كە تائێستا لەخزمەت هەڵەبجەو قەزیەكەی كراوە، وە كاری جدی ئەكات بۆ كارگەلێك كە دەبوو لە پێناو هەڵەبجەو قەزیەكەیدا بكرایە وە بە هەر هۆیەك بێت تائێستا ئاوڕیان لیّ نەدراوەتەوەو ئەنجام نەدراون.

كۆمیتەی هەڵەبجەی ناوەندی چاك لەپاش ئەوەی لە رۆژی هەینی 2007/6/15دا بە ئامادە بوونی چەند كەسێكی دلّسزو خاوەن ئەزمون راگەیەنرا، ئەوە ئاشكرا دەكات دەرگای والّایە بۆ هەموو خەم خۆرو دلّسۆزێك بیەوێت خزمەتی ئەو كەیسە گرنگە بكاتو پێشنیارو راسپاردەی هەر خەمخۆرێك بەهەند وەردەگرێت لە پێناو خزمەتی هەڵەجەدا.

وەخۆی بە هاوكارو پشتیوان هەر كۆمەڵەو رێكخراوێك ئەزانێت لەم بوارەدا كاربكاتو كۆمەكی هەموو كارێكی باش لە پێناو قەزیەی هەڵەبجەو ئەنفالدا دەكات.

**بەهیوای سەركەوتنی كارەكانی ئەم كۆمیتەیەو هەموو هەوڵێك خزمەت بە كەیسی هەڵەبجەو ئەنفال بكات**

**كۆمیتەی هەڵەبجەی ناوەندی چاك**

**2007/6/15 ی زاینی**

**بەرامبەر بە**

**25 ی جۆزەردانی 2707 ی كوردی**

**هەڵەبجە**